# ئایا دەردوو نارەحەتیەکانی دونیا بەهۆی گوناهی مرۆڤەوەیە یان تاقی کردنەوەی خوایی

خوای پەروەردگار ژیان و مردنی فەراهەم هێناوە بۆ تاقی کردنەوەی گرۆی ئادەمی ، تا لەواقعی ژیاندا دەربکەوێ کێ چاکە کارە وکێش بە پێچەوانەوە خراپەکارە ، هەرچەندە خوای پەروەردگار بە عیلمی بێ پایانی خۆی هەموو شت دەزانێ ، بەڵام ئەو زانینەی فەرزناکات بەسەر کەسدا ، بەڵکو ئازادی هەڵبژاردنی داوە بە ئادەمیزاد و لەسەر ئەو ئازادی هەڵبژاردنەش لەبەندەکانی ئەپرسێتەوە و پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە و دەفەرمووێ :

( الذی خلق الموت والحیاه لیبلوکم ایکم احسن عملا ) تبارک . ئینجا خوای پەروەردگار لە ژیانی دنیادا بەدەولەمەندی و بەهەژاری وبەلەش ساغی و بەنەخۆشی و....هتد بەندەکانی تاقی دەکاتەوە ، کە هیچ یەکێ لەو حاڵانە نیشانەی چاک و خراپی کەس نیە ، قورئان ئەم چەمکی بیروبۆچوونە راست دەکاتەوە و دەفەرموێ :

( فاما الانسان اذا مبتلاه ربە فاکرمە ونعمە فیقول ربی اکرمن ، واما اذا ما ابتلاه ربە فقدر علیە رزقە فیقول ربی اهانن ، کلا ....) الفجر .

واتە : کاتێک خوا ئادەمی تاقی کردەوە ، بەم رەنگە رێزی گرت و بەهرەی بەسەردا ریشت ئەوا ئەڵێ پەروەردگارم رێزی گرتووم ، وە ئەگەر کاتێک تاقی کردەوە بەم رەنگە رزق و رۆزی کەم کردەوە دەڵێ : پەروەردگارم ریسوای کردم ، نەء ، وانیە کە تیی گەیشتوون....بۆ نموونە :

چیرۆکی پێغەمبەر ئەیوب ( سەلامی خوای لێبێت ) کە لە قورئاندا باسکراوە

بەڵگەی ئەو راستیانەی سەرەوەیە ، کە دەفەرموویت :

( وایوب اذ نادی ربه انی مسنی الضر وانت ارحم الراحمین ، فاستجبنا له فکشفنا ما به من ضر واتیناه اهله ومثلهم معهم رحمه من عندنا وذکری للعابدین ) الانبیاء . واته : باسی ئەیوب بکە ، کاتێ نزای کردوو لە خوا پاڕایەوە و فەرمووی : تووشی ئازار و ناڕەحەتی و نەخۆشی بووم و تۆش بەبەزەیی ترینی هەموو خاوەن بەزەیەکانی ، ئینجا ئێمەش نزاکەمان لێ وەرگرت و نەخۆشی و ئازارەکانمان لابردو ئەو ماڵ و منداڵەی کە نەمابوون پێمان دایەوە بەدوو هێندەی جاران ، کە ئەوەش رەحمەتێ بوو لە ئێمەوە ، وەیادخەرەوەیەکیشە بۆ خواپەرستان ....( چونکە زۆر جار خواپەرستان کە تووشی بەڵاو موسیبەتێک دەبن ، خۆشیان و خەڵکیش لایان سەیرە ، گوایە چۆن دەبێ پیاوی چاک و خواناس تووشی بەڵا و موسیبەت بێ ، لەکاتێکدا کە ئەیوب ( سەلامی خوای لێبێ ) نەک هەرچاکەکاربووە بەڵکو پێغەمبەریش بووە ....) .

لە فەرموودەیەکی ( ابن حبان ) دا باسی ئەم بەسەرهاتە هاتووە کە دەفەرمووێ : ( پێغەمبەر ئەیوب هەژدە ساڵ بەو بەڵا و نەخۆشیەوە مایەوە ، هەموو خەڵکی دوور و نزیک لێی دووركەوتنەوە تەنها دووپیاوی هاوەڵی و ژنەکەی نەبێت .. دوو هاوەڵەکەی بەیانیان و ئێواران سەریان لێ دەدا ، رۆژێ یەکێکیان بەوەی تریانی ووت : بەخوا دیارە ئەیوب گوناهێکی کردووە کەس نەیکردبێ ، هاوەڵەکەی وتی : باشە چۆن ، ئەمیش وتی : ئاخر ئەو هەژدە ساڵە گیرۆدەی نەخۆشی بووە و خوا رەحمی پێ نەکردووە چاک بیێتەوە ....کاتێک چوون بۆ لای پێغەمبەر ئەیوب خۆیان بۆ نەگێراو باسیان کرد ، ئەویش فەرمووی : نازانم

ئێوە چی دەڵێن و چۆن بیردەکەنەوە ! خوا بۆخۆی دەزانێ من بەلای دووکەسدا دەڕۆیشتم شەڕیان دەکرد و لەدەمەقالێەکەیاندا ناوی خوایان برد ، من دەگەڕامەوە ماڵەوە و خێر و سەدەقەم بۆ دەکردن کە خوا لێ یان خۆش بێ ، لەبەرەئەوەی کە پێم گوناه بوو لەدەمە قالێ و دەمەدەمێ دا ناوی خوابېرێ و دەمووت دەبێ ناوی خوا تەنها لە حەقدا ببرێ ) ...دیارە ئەمەش ئەوپەڕی وەرع و خواناسی ئەیوب بووە ... وە بەمەش ویستی تێ یان بگەینێ کەلەخراپی یەوە نیە کە خوا گیرۆدەی کردووە بەنەخۆشیەوە ... بەڵکو تاقی کردنەوەیەکە بۆ حەزرەتی ئەیوب کەئارام بگرێ و پەند و ئامۆژگارییەکی مەزنیشە بۆ ئەوانەی دەوروبەری و ئیماندارانیش لەهەموو کات و سەردەمێکدا .... ( ل **175**/ صحيح القصص النبوى دكتور عمر الاشقر ) .

**www.regayrasty.com**